# دادگای باڵای ئێراق: داوای داواکاری گشتی لە نێوان دانپێنان و نکۆڵیکردندا

**شاخەوان شۆڕش**
22.06.2007

لە مانگی مای دا داواکاری گشتی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق پێشنیاری خۆی لەسەر کەیسی ئەنفال و پێشنیاری بۆ سزادانی تاوانباران خستەڕوو.[1]

داواکار بە ئایەتی قورئان دەستی بە داواکەی کرد، ناوە ناوە لە چەند لاپەرەی سەرەتاییدا ئایەتێکی دیکەی قورئان دەهاتە ناوەوە و بەجۆرێک ئاماژەی بە تەبایی ئایینی ئیسلام لەگەڵ هۆشمەندی و لایەنە پەیوەستدارەکانی کارەساتەکە دەکرد. لە کۆتاییشدا کە دێتەسەر داوای سزادان بە ئایەتێکی قورئان دەست پێدەکات. داواکاریەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بارگاوی بوو بە دەربڕینی سۆزدارانە کە بنچینەیان لە مەنتالێکی عەرەبی و ئێراقیانەوە وەردەگرت. هەرچۆنی بێ ئەو دیاردەیە لە دەستپێکی دادگاییەکەدا بەمشێوەیە هەبووە.

لە داوکاریەکەدا داواکاری گشتی، بە رەخنە لە لایەنی بەرگریکار دەست پێدەکات و ئاماژە بە سوکایەتی ئەو پارێزەرانە بۆ سکاڵاکەران کە خۆیان قوربانین و کەسوکاریان ئەنفالکراوە، دەکات. ئەو دیاردەیە لەگەڵ دادگاییەکەدا بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبووە، ئەوەش نە تەنها لە لایەن ئەو پارێزەرە دژە کوردانەوە، بەڵکو پریشکی بۆ ئەولاتر بەشێوەی دیکە پەڕیوە. خۆزگە داواکاری گشتی لەوەش دەگەیشت، کە بوونی دادگایەکی ئێراقی و عارەبزاڵ چەند بۆ گەلی قوربانی کورد سوکایەتیەکی کوشندەیە. بێگومان ئەو داشێکی دامەی یاریە ڕامیاریەکەیە و ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنێت. ئەو بڕیاری دامەزراندنی دادگای ئێراقی نەداوە.

داواکاری گشتی ئاماژەی بە گەلێ لە تاوانکاریەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال وەکو وێرانکردنی دێهاتەکان و کوشتنی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بەدیلبردن و لەناوبردنی ژنومنداڵی بێتاوانی کورد هتد. کرد و جەختی لەسەر تاوانباریی بەرپرسیاریەتی تاوانباران سوڵتان هاشم، فەرحان مثلەگ جبوری، حوسێن ڕەشید محەمەد، سابیر عەبدولعەزیز دوری و بە تایبەتی عەلی کیمیاوی لەو تاوانانەدا کردەوە. لەوێدا دەڵێ ئەو تاوانانە دەگەنە ئاستی **تاوانی گەلکوژی** کە **مەبەستی لەناوبردنی** بەشێکی یا گشت نەتەوەیەک یا گروپێکی ئێتنی یا ئایینیە. بوونی نیازی لەناوبردنی بەشێکی گەلی کورد کە تاوانی گەلکوژییە، لە شوێنی دیکەشدا دووپاتدەکرێتەوە و دەڵێ شەر دژی پێشمەرگە وەکو بیانوو بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بەکارهاتووە و کوشتاری بەکۆمەڵ و کیمیاباران بۆ سەلماندنی بوونی ئەو مەبەستە دەهێنێتەوە.

جەخت لەسەر هێرشی کیمیاوی بە گازی ژاراوی لەناوبەری وەکو خەردەل و سارین دژی خەڵکی سڤیل دەکاتەوە و وەکو هێرش بۆ سەر **گەلی ئێراق** ئاماژەیان بۆ دەکات. دەڵێ **هێزەکانی ئێراق** هێرشی کیماویان نەکردە سەر هێزی سەربازی وڵاتێکی تر بەڵکو هێرشی بۆ سەر **گەلی خۆی** کرد. شایانی سەرنجە تەنها یەکجار وەکو ناو هێنان ناوی هێزەکانی ئێراق دەهێنێت.

پاشان ئاماژە بە باڵایی شارستانی ئێراق بۆ جیهان بانگاشە دەکات و پێیوایە کانونی ئێراقی ڕێگا بەکاری ئەوها نادات و سزای کاری ئەوها دەدات. ئاماژە بە ئەنجامدانی تاوانی گەلکوژی، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ دژ بە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێ **بەرپرسەکانی پێشوو** ئەو کارەیان کرد. دەڵێ، دەسەلات بوو ئەو تاوانەی ئەنجامدا، کردارەکە لە لایەن ئەو بەرپرس و سەرکردانەوە نەخشەی کێشرا و جێبەجێکرا و هەمووی لێی بەشدار بوون، کە ئەو لایوایە کانونی ئێراق و جیهانیان پێشێل کردووە.

وەکو دیارە داواکاری گشتی دان بە بوونی **تاوانی گەلکوژی** دەنێت و پەنجە دەخاتە سەر بوونی ئەو تاوانە. لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ئێراقیبوونی ئەو خەڵکە قوربانییە دەکاتەوە، کێشەکە دەکاتە کێشەی نێوان سەرکردەکانی ڕژێمی پێشوو و کوردەکانی ئێراق لە هەرێمی کوردستاندا. ئەو بەرگری لە ئێراق و کانونی ئێراق دەکات و تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی بەرپرسانی رژێمی پێشوو. دیارە گەلی کورد هەرگیز بە ئازادی خۆی ئێراقی هەڵنەبژارد و لە دوای ڕێکەوتنی لۆزان بەزۆر کرایە ناو ئێراق. لەو ڕوانگەیەوە بەکارهێنانی هێرش **بۆ سەر گەلی خۆی یا گەلی ئێراق** کە لەمیانەیەوە

[1] دەقی داواکاریەکە لەو ئەدرەسەدا هەیە: http://www.iraq-iht.org/ar/doc/ppb.pdf

مەبەستی گەلی کوردە، لە لێکدانەوەیەک سەرچاوە دەگرێت کە بنچینەکەی سیستەمێکی جیهانییە گرنگی بە بەرژەوەندی نەتەوەژێردەستەکان هێندە نادات. ئەو چەمکانە و جۆرە گوتنانە لە ئاستی ئەنتەرناسیونال دانپێنراون. ئەوە دەرهاویشتەی کۆنسێپتی نکۆڵیکردنی سەربەخۆیی گەلی کوردستانە کە لە رێکەوتنانەمەی لۆزانەوە ڕەوایەتی پێدراوە. دیارە وەکو لە داواکاریەکەدا دیارە، داواکاری گشتی کێشەی زۆری لەگەڵ ڕێکخستنی ئەو ناکۆکییە قوولە هەیە، هەرچەندە دەیەوێ بابەتەکە لەگەڵ ڕەوتی ئێراقچیانەی سەپێندراودا بگونجێنێت، بەڵام ناشتوانێ دان بە هەندێ چەمک بۆنمونە **هێزەکانی ئێراق** نەنێت. لێرەدا هەوڵەکەی ئەو کۆمەڵێ دیسکۆرس دروست دەکات. بەکارهێنانی چەمکی هێزەکانی ئێراق، هەروەها **گەلی کورد**، ئاماژە بۆ ناتەبایی لەسەر ئاوێتەکردنە سەپێندراوەکان دەکەن کە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت. دیارە بەکارهێنانی دەستەواژەی هێزەکانی ئێراق ئاماژەیە بە هێزی ستاتی سەربەخۆی ئێراق، کە تاوانەکە لە لایەن ئەو ستاتەوە ئەنجام دراوە، هەروەها ئاماژە بە تاوانباریی دەسەلات (کە سەرکۆمار و کۆی بەرپرس و سەرکردەکانی ڕژێمی ئێراق دەگرێتەوە) دەکات، هەرچەندە داواکار نایەوێت بەدیاریکراوی بڵێت ئێراق تاوانبارە و سەرکردەکانی ئێراق ئەوکارەیان کردووە، دەڵێت بەرپرس و سەرکردەکانی دەسەلاتی پێشوو. ئەوە ئاماژەیە بە تاوانباریی دەسەلاتی پێشوو، کە دەسەڵاتدار و نوێنەری ئێراق بوون. بەڵام ئەو جگەلەوەی ناڵێ ستاتی ئێراق تاوانبارە، بەڵکو بەرگری لە ستاتی ئێراق دەکات و دەڵێ ئێراق دژی ئەو کارانەیە. جێبەجێکردنی کرداری گەلکوژیەکە لە هەموولایەکەوە بە دەسەلات و ستاتەوە بەندە، بۆیە خۆدزینەوە لەو ڕاستییە زۆر سەختە بکرێت.
داواکاری گشتی دەیەوێ بە جیهان بگەیەنێت کەوا ئێراق ستاتێکی رەوا، خاوەن کانونە و کانونەکانیشی ڕەوان. دیارە ئەو گوتنە لە راستی دوورە، چونکە گەلی کورد لەوەتەی خراوەتە ناو چوارچێوەی ئێراق ئازاری لەناوبردن و توانەوە دەچێژێت، هەرگیز ئێراق بۆ گەلی کورد ستاتێکی ڕەوا نەبووە لە ڕابردوودا. بە کانونی ئەو ستاتە بە دەیان و سەدان هەزار کەسی کورد بە درێژایی مێژوو بێتاوان لەنێوبردران. ئەو جۆرە گوتنانە وەکو دیاردە نەرێنیە ناکانونیەکانی دیکە هێما بۆ لایەنگیری دادگا بۆ ڕەوتێکی ڕامیاریی تایبەتی دەکەن. ئەو لایەنگیرییەی دادگا دیسکۆرسەکانی ناو هەناوی کێشەکە دەوروژێنێ و برەویان دەداتێ. شایانی گوتنە ئەو ئێراقەی ئێستاش بە ئازادی و ئارەزوومەندی گەلی کورد نییە، بۆیە دیسان ئەو ستاتە کێشەی ناسنامە و ڕەوایەتی هەیە.

جێگای ئاماژەیە داواکار خاڵ بە خاڵ دەچێتە سەر تاوانەکانی گەلکوژی، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، جەخت لەسەر بوونیان لە چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا دەکاتەوە. داوای ئەوەش دەکات ئەوانەی بەجۆرێ لەجۆرەکان بەشداریان لەو کردەیەدا کردووە، لەو تاوانانە بەشدارن و دەبێ توندترین سزا بدرێن، کە سزای مردنە.
لە داواکاریەکەدا جەخت لەسەر کوشتنی بەکۆمەڵ و **مەبەستی لەناوبردن** دەکرێتەوە، هێماش بۆ بەرپرس و سەرکردە رامیاری و سەربازیەکانی دەسەڵاتی پێشوو دەکرێت. دیارە داواکار سەرکردایەتی تاوانەکە ڕاستەوخۆ دەخاتە ملی عەلی کیمیاوی، وەکو بەرپرسی ڕاستەوخۆ و باڵای فەرمانەکانی تاوانی ئەنفال هێمای بۆ دەکات. دەڵێ، هەموو ئەو تاوانانەی لە شاڵاوەکانی ئەنفال جێبەجێکران، لە ئەنجامی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە بوو کە درایە عەلی کیمیاوی. دەڵێ، دەسەڵاتی عەلی کیمیاوی یەکسان بووە بە دەسەلاتی سەرۆکی وڵات لەو کاتەدا بە پێی ئەو بڕیارەی کە لە 29 مارسی 1987 دەرچوو. لێرەدا قورسایی دەخرێتەسەر بەرپرسیاریی عەلی کیمیاوی لە سەرکردایەتی تاوانەکە، کە دەسەلاتی سەرۆکی هەبووە، هەرچەندە هێما بۆ ئەوە دەکات کەوا لە سەرووەوە ئەو دەسەلاتە دراوەتە ئەو، بەلام تاوانەکە ڕاستەوخۆ دەخاتە سەر عەلی کیمیاوی. لە ناوهێنانی کاسێتەکانیش هێما بۆ ئەو کاسێتانەی عەلی کیمیاوی دەکات، کە چۆن بڕیاری لەناوبردنی کوردەکانی داوە.
داواکار تاوانەکە بەکەس دەکات و هەوڵ دەدات خۆی لە تاوانبارکردنی سەرۆکی ئێراق و ستاتی ئێراق بپارێزێت. ئەگەرچی کاسێتی سەدام حوسین هەیە کە لە دادگادا لێدراوە، لەوێدا سەدام گۆتن لەسەر کیمیاباران و لەناوبردنی بەکۆمەڵ دەکات، بەلام داواکار ئاماژە بەو کاسێتانە ناکات. سەدام حوسێن وەکو سەرۆکی ئێراق خۆی بڕیاردەری سەرەکی لەناوبردنی گەلی کورد بوو لە کوردستان، بڕیارەکان هەر لە دامەزراندنی عەلی کیمیاویەوە لە سالی 1987 تا دەستپێکردنی ئەنفال و کیمیابارانەکان لە ساڵی 1988 دا، لە لایەن ئەوەوە دران و دەرچوون. عەلی کیمیاوی کەسێک بوو لە لایەن سەدام حوسێن بۆ ئەو کارە دیارکرا. بەڵام داواکار خۆی لە ناوهێنانی سەدام دەپارێزیت و بە هیچ جۆرێک ناوی ناهێنێت، ئەوەش کانونیانە ڕێگەی بۆ خۆشکراوە، هەروەکو لەگەڵ لەناوبردنی سەدام تۆمەتەکانی سەر سەدام لابردران. بەهەمان شێوە داواکار لەگەڵ ئەوەی هێما بۆ دەزگا ستاتی، ئاسایشی و سەربازیەکانی دەسەلات دەکات و هێما بۆ بەرپرسە گەورەکانی ستات دەکات، بەڵام نکۆڵی لە تاوانباریی ستاتی ئێراق لە تاوانەکدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکات. ئەو ستاتی ئێراق لە دەسەلاتی پێشوو جیادەکاتەوە، بەرگری لە بوونی ئەو ستاتە و ڕەوایی بوونی

ئەو ستاتە دەکات. لەو چوارچێوەیەشدا بوونی کورد وەکو بەشێک لە گەلی ئێراق ڕەوا دەکات و هێما بۆ ڕەوابوونی بەردەوامی ئەو پێکهاتەیە دەکات. ئەوەش پەیامی ڕەوتی ئێرقچیانەیە کە لە لۆزانەوە سەرچاوەی گرت، ئەوسا ڕادیکالانە دەستی پێکرد و ئێستا هەوڵی شێوە و فۆرمێکی مۆدێرن بۆ خۆی دەدات.

بەکورتی داواکاری گشتی نکۆڵی لە بوونی تاوانی گەلکوژی ناکات، بەڵکو زیاتر لە جارێک جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئاماژە بە تاوانباریی دەسەلات، ڕژێم، بەرپرس و سەرکردەکان، هێزەکانی سوپا دەکات، تەنها جارێکیش ناوی هێزەکانی ئێراق دەهێنێت، بەلام ستاتی ئێراق تاوانبار ناکات، بەڵکو بەرگری لە پاکی و ڕەوایی ئێراق دەکات.
داواکار تاوانەکە دەخاتە ملی هەندێ بەرپرس، تاوانباری سەرەکی سەدام حوسین ناوی ناهێندرێت، تاوانەکە وەکو تاوانی سەرکردەکانی دەسەلاتێکی دیکتاتۆر دژ بە گەلی کوردی ئێراقی پیشان دەدرێت.
بەمشیوەیە واپێشبینی دەکرێت، تاوانی ئەنفال بە تاوانی گەلکوژی بناسرێت، هەندێ لە تاوانباران بە تایبەتی عەلی کیمیاوی لەسەر تاوانی گەلکوژی سزا بدرێن، ئاماژە بە ناوی سەدام کەموزۆر ناکرێت، دەسەڵاتی پێشوو نەک ستاتی ئێراق پەنجەی تاوانی بۆ درێژ دەکرێت، ئەو بڕیارەش لە ژێرناوی دادپەروەریی کانونی ئێراق و دادپەروەریی ستاتی ئێراق ڕادەگەیەندرێت.

shaxewan@kadirshorsh.com
www.Kadirshorsh.com